www.kurdistannet.org
4-10-2006 23:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**پێوەری لوتفی ئێوە و ووتەکەی خاتوو چنار سەعد عەبدوڵلا هیچ لە ڕێژەی پیرۆزی هەڵەبجە ناگۆڕێ ... ساسان دەروێش**

هۆڵەندا



دوای ئەوەی وەزیری ئەنفال وشەهیدان لە چاوپێکەوتنێکدا، شەهیدانی هەڵەبجە بە شەهیدانی (سودفە) ناو دەبات، دواتر هەر پۆزش و پاساوێک بهێنێتەوە، ڕەنگە لە ئاستی گەورەی ئەم مەسەلەیەدا نەبێ، چونکە کارەساتی هەڵەبجە هەرلە کیمیاباران وتالأن کردن و بۆمباباران کردنی یەک لە دوای یەکی خۆی لە خۆی دا هێندە گەورە و هێندە زامێکی قووڵی نەتەوەیمانە بۆتە پێناسەو، زۆر وتنیش نیە ئەگەر بلێم شان بە شانی ئەنفالی گەرمیان وبادینان بۆتە ڕەمزی مەسەلەکەمان، ئیتر تەتەڵە کردنی قسەوباسی لەو جۆرەی لە سەر زاری خاتوو چنار سەعد عەبدوڵلا نامۆ نیە، دیمان زۆر لە خاوەن دەستەلأت لەگەورەی خۆمان وجیهان بەو شێوەیە دەیان جار پۆرتیان شکاندوە، بەلأم پاشان وەزیری شەهیدان هەرچی بلێ یان نەڵێ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، لە پاڵ ئەمەشدا ئەم خۆ ڕنینەوەی لە سایدە کوردیەکاندا ئەوتریێ ولوتف ئەنوێنن بەرامبەر هەڵەبجە ی شەهید وهزرو هۆشی زۆربەمان ئەهەژێنن ونیگەرانی وپرسیاری زۆرمان لا دروست ئەکات.

منیش بەنۆرەی خۆم لەم بابەتەدا بەوخاوەن لوتف ودڵسۆزە بێ کردەوانە ئەڵێم

(ئەم بێوەژن کۆشی یە ی ئەمرۆ ئەیکەن بە کچێنی بۆ نەتان کرد)

ئەوەی لێرە ولەوێ لەم ماوەیەدا بۆتە بنێشە خۆشەی ژێر دانی زۆر لەو نووسەرانەی هەوڵی ئەوە ئەدەن ئەم مەسەلەیە لە قەوارەی خۆی دەرکەن بە شێوەیەکی تر نیشانی خوێنەرانی بدەن ڕونتر ئەم هەرایە بۆ (ئیستهلاکی محلی) بەکار ئەهێنرێ. نەک بۆ ڕێز لێ نان و دڵسۆزی بەرامبەر هەڵەبجە، وەک ئەوەی دەیان جار دەرهەقی کراوە لە دوێنێ وئەمرۆی ئازادی ودیموکراسی.

ئەگینا بە درێژایی مێژووی کیمیاباران وتالأن کردنی هەڵەبجە، هەڵوێستی وا بەگوڕوتینمان لێ نەدیون ئەوە ئێوە وئەوە خەڵکی هەڵەبجە.

بەڵێ زانیمان عەرەبەکان، بەعسیەکان هەڵەبجەی ئێمەیان بەو دەردە برد کە بردیان، ئەی کێ بوون ئەوانەی دواتر هەڵۆ ئاسا گەیشتنە سەرجەستەی بە سەر یەکەکەوتووی خەڵکی هەڵەبجە، دوای ئەو هەموو نەهامەتیە، شەقام بە شەقام ماڵ بەماڵ لاشەی شەهیدانی ئەپشکنی و ماڵ وحاڵ وپریاسکەی دەردەهێنا ن بۆ پارەوپول بەلأم لە هەمووی نامەردی تر برینەوەی پەنجەی کچە نازدارەکان و ژنە شۆخە خنکێنراوە شەهیدەکان بوو، ئەوەکێوێ کە لەبێ ئابروی وشەرمەزاری، جا نازانم ئێوەی دڵسۆزی هەڵەبجە لە کوێ بوون !!!!!!!!

چیتان نووسی وچیتان کرد ئەمڕۆشی لەپاڵ دابێ، کە هەر ڕۆژە و پارچەیەک لە جەستەی کەسوکاری زیندووی ئەوشەهیدانە ئەبرنەوەو دەم کوتیان ئەکەن وبێ بەشیان ئەکەن لە ئازادی دەربڕینی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991.

نازانم ئێوەی بۆرە پیاو ترسنۆک و لەژێر بەتانی خۆ حەشاردو خۆتان بەگێل ئەزانن یاخود جەماوەری گەلەکەتان.

کامە لە ئێوەی ترسنۆک و نازناو لەخۆ وێرابێتی وەک پیاو تەنها بۆ دەقیقە یەک بانگە شە بۆ دادگای ئەو تالآنچیە سمێڵ بۆیاخ کراوتەنگە زل وسەرقەوی وسەقەتانە بکات، کە ئێستا زۆربەیان لێ پرسراون لەو ناوچەیە دا،

بە ڕاستی هێندەی ئەوتالآنچیانە نامەردی یە ئەگەر ئێوەی بە ناو دڵسۆزی هەڵەبجە گوێتانی لێ غافڵ کەن، تەوێزدانی لەرزۆکتان ئەوانەی ئەمجارەش هەڵەبجە ئەکەنە وەسیلەی پڕوپاگەندەی ویستی حیزبی خۆیان با بزانین هەڵەبجە، هێندەی بۆکراوە وەک ئەوەی لە (مسقگ راسی) لێ پرسراوێکی حیزبی لەگوندەکەی خۆی دا تاک لایەنە ئەنجامی داوە.

ئێمە ئەگەر دڵسۆزبین ویستمان بدوێن دەرهەق هەڵەبجە ئەبێ لە ئاستی مەسەلە سەرەکی یەکەدا غافڵ نەبین توغیرەتتان ئەوەی خاتوو چنار ووتوویەتی هێندەی ئەوە شوورەیی یە کە خاوەن فایل بی ولێپرساوێکی حیزبی دەستەبالآبی، ئێوەش لە ئاستیا چاو دائەخەن.

لە کۆتایم دا ئەڵێم کەی زۆڵە کوردەکان وتالآنچیەکانی ماڵە هەژارەکانی هەڵەبجە وچاشە بێ ئابڕوەکانتان لەیەک بۆتەی خۆفرۆشی دا یەک خست و داوای دادگایتان کردن، شەرمە بۆ هەموان کەم تا زۆر هیچ لەکەس قبوڵ بکەین ئەگەر نا دڵنیا بن ئێوە شەریکە بەشی فایل دارەکانن.